# تاوانەکانی نامووسپەرستی و ڕووانین بۆ ئازادی

نەزەند بەگیخانی



**ئیمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا هەموو پرسیارێکی تایبەت بە ئازادی و ماف بە پێی سیستەمی باوەڕێکی ئایینی یا نەریتێکی باو وەڵام دەدرێتەوە کە لە ئەنجامدا بە گوتارێکی پڕ لە دژایەتی و ناکۆکی کۆتایی دێت**

ئازادی بە مانا سادەکەی واتە تاک مافی هەبێت چارەنووس و شێوە ژیانی خۆی دیاری بکات. واتە تاک خاوەنی خودی خۆی بێت و مافی هەبێت بە ئارەزووی خۆی بژی، بە ئارەزووی خۆی بیر بکاتەوە، بە ئارەزووی خۆی قسە بکات، رەفتار بکات و رەوتی ژیانی خۆی دیاری بکات بە جۆرێ کە ئازادی ئەوانی دیکەی دەوروبەری پێشێل نەکات. لەو کۆمەڵگانەی کە سنوری ئازادی زۆر تەسک کراوەتەوە، هەر هەنگاوێک کە پێچەوانەی ئەخلاقیەتی گروپ بێت، بە دەرچوون لە سنور و شکانی شیرازەی کۆمەڵ و "بەڕەڵڵایی" لە قەڵەم دەدرێت. ئیمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و نامۆبوونی زۆربەی خەڵک بەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەی کە لە جیهانی رۆژئاوا ڕوویداوە و لەسەرەوەش بەسەر ئێمەدا سەپێنراوە (بە تەدریجی پێی نەگەییشتووین) وایانکردووە کە هەموو پرسیارێکی تایبەت بە ئازادی و ماف بە پێی سیستەمی باوەڕێکی ئایینی یا نەریتێکی باو وەڵام بدرێتەوە کە لە ئەنجامدا بە گوتارێکی پڕ لە دژایەتی و ناکۆکی کۆتایی دێت. دیارە سیستەمە ئەخلاقی و ئایینیەکان کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەبرەودان ناتوانن پێناسەی ئازادی بکەن بە پێی پێویستییە سەردەمییەکانی مرۆڤ، بۆیە تێگەییشتنمان بۆ ئەم چەمکە پڕە لە تێکەڵی و ئاڵۆزیی و چۆنیەتی ژیانیشمان گوزارە لە زەمەنێکی کۆن و دژوار دەکات.

**لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە، دڕانی پەردەی کچێنی تەنها لایەنی بایۆلۆژی ناگرێتەوە، بەڵکو دڕانی کچێنیی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگە سادە و کشتوکاڵیە ساوا و داخراوە دەگرێتەوە کە هەموو سەرمایە و سامانی لەسەر کچێنی خۆیی و داخران و پێشنەکەوتن بنیاتناوە. دەرچوونی ئافرەت لەو سنورانەی کە کۆمەڵگە دایدەڕێژێ بۆ ژن، واتە شکانی شیرازەی ئەو ئەخلاقییەتە کە پیرۆزتر ڕاگیراوە لە مرۆڤ خۆی**

پەیوەندیی تاوانەکانی نامووسپەرستی و چەمکی ئازادی: تاوانەکانی نامووسپەرستی (کوشتن، ئەتککردن، بێبەریکردنی کچان لە خوێندن، لە چوونە دەرەوە، هتد) زادەی کولتوری پیاوسالارین و بە لۆژیکێک بەڕێوە دەچن کە ساڵەهای ساڵە کاری پێدەکرێت و لە عەقلیەتی گشتی کوردیدا قبوڵ کراوە. ئەم تاوانانە چەشنی سیناریۆ لە لایەن گروپێکەوە پلانڕێژ دەکرێن و بۆ ڕەزامەندیی رای گشتی بەجێدەهێنرێن، چونکە بە پێی نەریتی باو گروپ فشار دەخاتە سەرئەو پیاوانەی کە لە روانگەی گشتی و بەهۆی رەفتاری مێینەکانی ناو خێزان "بێشەرەفکراون" و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوایان لێدەکات شەرەفی دۆڕاویان بگێڕنەوە بۆ بنەماڵەکەیان. ئەم شەرەفە (هەڵبەستراوە) بە پاککردنەوە لە عار دەگێڕدرێتەوە و پاککردنەوەکەش بەخوێن دەکرێت: خوێنی ئەو ژنەی کە لە عەقلیەتی گشتیدا بە بێناموس وێناکراوە. گروپ کوشتنی ئەو ژنە بە رەوا دەبینێ و شەرعیەتی پێدەدات و شایان لە بکوژان دەنێت و بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاستی پاڵەوان. ئەو رەوایەتییەی کۆمەڵگە لەوەوە دێ کە ژنی تاوانبارکراو لە خەیاڵی گشتیدا سنورە زۆر و سەپێنراوەکانی بڕیوە و بەم کردەیەشی لە چاوی کۆمەڵگە "بەدرەوشت" بووەو و دەبێ بۆ پاراستنی یەکگرتوویی گروپ و سەروەریی ئەخلاقیەتە سەپێنراوەکەی لەناوببردرێت. جا لەبەرئەوەی سنورەکانی ئازادی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بچوککراونەتە و مۆراڵی گروپیش بە پاڵپشتیی بیروباوەڕێکی ئایینی یا نەریتێکی باو شەرعیەتی هەیە، ئەوە بچوکترین رەفتاری ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەبێتە مایەی دەرچوون لە سنور و شکانی شیرازەی گروپ و بە "بەرەڵایی" لە قەڵەم دەدرێت. ئەو "بەرەڵلاییە" دەشێ بریتی بێ لە جلپۆشینێک بە ئارەزووی خود، یا نینیۆک بۆیەکردنێک، یا زەردەخەنەیەک بەدەم سەیرکردنی رێبوارێکی نێر، تا دەگاتە دڕانی پەردەی کچێنی کە پایەگای مەزنی شەرەفی رەهای پیاوە. لەرووی سۆسیۆلۆژییەوە، دڕانی پەردەی کچێنی تەنها لایەنی بایۆلۆژی ناگرێتەوە، بەڵکو دڕانی کچێنیی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگە سادە و کشتوکاڵیە ساوایە دەگرێتەوە کە هەموو سەرمایە و سامانی لەسەر کچێنی خۆیی و داخران و پێشنەکەوتن بنیاتناوە. دەرچوونی ئافرەت لەو سنورانەی کە کۆمەڵگە دایدەڕێژێ بۆ ژن، واتە شکانی شیرازەی ئەو ئەخلاقییەتە کە پیرۆزتر راگیراوە لە مرۆڤ خۆی. بۆیە ئامادەن بەشانازییەوە مرۆڤی لەسەر بکوژن و برەویش بدەن بەو بیروباوەڕەی کە شەرعیەت دەدا بە کوشتنەکە.

**شەڕی براکوژی لە رابردو و دەرەنجامەکانی لە ئێستادا دەرفەتێکی باشیان رەخساندووە بۆ بکوژان تا لە پرۆسەی دادگا رابکەن و پەناگە و پارێزگاری لە باوەشی لایەنی دووەم بەدەست بێنن**

هەر هەمان ئەو ئەخلاقیەتە هەڵچنراوە لەسەر بنەمای نەریت یا ئایینێکی دیاریکراو خاسیەتێکی سەرەکی بۆ حاڵەتەکانی کوشتن لە کوردستانی عێراق دیاریکردووە کە بریتییە لە پیادەنەکردنی پرۆسەی دادوەری لە تاوانەکاندا وەکو پێویست. دیارە لەبەر ئەوەی کوشتن و تاوانەکانی نامووسپەرستی بەو پەڕی نهێنی و شاراوەیی پلانیان بۆ دادەرێژرێ و ئەنجام دەدرێن، کەیسی هەموو ئەو ژنانەی بە بیانووی نامووسپەرستیەوە دەکوژرێن ناگاتە رای گشتی و ناو دادگا. هۆکارێکی دیکە کە وا دەکات کەیسەکان نەگەنە لای پۆلیس و دادگا، ئەوەیە کە زۆرجار بکوژ چەکدارە یا لێپرسراوێکی حیزبیە و بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی چەک و حیزبەکەی لە لێکۆڵینەوەی یاسایی دەربازی دەبێت. شەڕی براکوژی لە رابردوو و دەرەنجامەکانی لە ئێستادا دەرفەتێکی باشیان رەخساندووە بۆ بکوژان تا لە پرۆسەی دادگا رابکەن و پەناگە و پارێزگاری لە باوەشی لایەنی دووەم بەدەست بێنن. لەبەرئەوەی

تاوانەکانیش پەیوەستن بە نامووس و شەرەفی پیاو و بنەماڵەوە، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە قبوڵی دەکەن و چاو لە تاوانەکە دەپۆشن و ئامادە نین بۆ رای گشتی بیدرکێنن. نهێنی و ترس و شاراوەیی زۆرجار وادەکەن کە رۆژنامەنووس و کەسانی چالاکی ئەم بوارەش خۆیان بەدوور بگرن و تاوانەکە وەکو پێویست نەوروژێنن. ئەمانە لێکدانەوەن بۆ ئەو لۆژیکەی کە ساڵەهای ساڵە بوونەتە رێگر لەبەردەم دروستبوونی سیستەمێک بۆ کارکردن و چارەسەرکردنی پەتای تاوانەکانی نامووسپەرستی.

ئێمە لە رێکخراوی چاودێریی مافی ژنی کورد بەم دواییە هەندێ بەدواداچوونمان کرد بۆ چەند کەیسێکی کوشتنی نامووسپەرستی کە بکوژان لەبەر هۆکاری چەکداری و حیزبی لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرابوو. لەم هەوڵەماندا و بە هاوکاری کەسانی ریفۆرمیست و موهتەم بەو مەسەلەیە لەناو دامو دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت توانیمان بکوژان کە سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بوون بهێنینە بەردەم پۆلیس و ناو پرۆسەی دادوەری. دیارە ئەم شێوازەی کارکردن وەکو قۆناغێکی کاتی و بە ئامانجی دروستکردنی سیستەمێک پێویستە. بەڵام بەشێوەیەکی درێژخایەن، نەک هەر توانای ماددیمان نیە و بەسەر هەموو کەیسەکان راناگەین، بەڵکو بە دروستیشی نازانین. پێویستە لەم قۆناغەدا و بە هاوکاری حکومەت و رێکخراوە مەدەنیەکان پلانێکی ستراتیژیی دابرێژرێ بۆ کارکردن دژی ئەم تاوانانەی کە رۆژانە لە زیادبووندان.

ئەو پلانە ستراتیژییە دەبێ پیادەکردنی پرۆسەی یاسایی وەکو مەرجی سەرەکی دابنێت بۆ بنبڕکردنی تاوانەکانی نامووسپەرستی. لەسەرووی ئەمەوە دەبێ یاسا گوزارە بکات لە مافەکانی تاک بە ژن و پیاوە و بە یەکسانی. پەیڕەوکردنی پرۆسەی دادوەری تەنها ئەوە ناگەیەنێ کە دەسەڵات لە رێگای دادگاوە تاوتوێ لەگەڵ ئەم تاوانانە دەکات و بەشێوازێکی شارستانی دادوەری دابیندەکات، بەڵکو هاوتا لەگەڵ ئەمە واتایەکی گرنگ دەگەیەنێ: دەسەڵات لە رێگای پرۆسەیەکی شەفافی یاساییەوە، پەیامێک بە رای گشتی دەگەیەنێ و پێیاندەڵێ ئەو تاوانبارانەی کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن و ئەندامانی کۆمەڵگە هەراسان دەکەن و ژن دەکوژن بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ناتوانن وا بەئاسانی بۆی دەرباز بن و بە پێی یاسا سزا دەدرێن. ناچالاکی دەسەڵات (بەتایبەتی دەسەلاتی دادوەری و پۆلیس) لەم رۆڵەی خۆی و نەبوونی لێکۆڵینەوە و دواتر سەپاندنی سزا یاسا بەتاڵ دەکاتەوە لە رەهەندەکانی و وا لە خەڵک دەکەن باوەڕ بە دەسەڵاتی دادوەری و پۆلیس نەکەن. ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی برەودان بە تاوان و توندوتیژییەکان. لێرەدا کۆمەڵگە بە حوکمی دەسەڵاتی داب و نەریت یا ئایینێک بەڕێوەدەچێت کە ئازادی و مافی تاک پێشێل دەکات و رەوایەتیش بە کوشتن دەبەخشێ.

**لە کۆمەڵگەیەک کە سەروەریی و پیرۆز راگرتنی ئەخلاقییەتی کۆمەڵایەتی ئامانجی سەرەکی بێت، ئەوە ئازادی واتای "بەرەڵلایی" دەگەیەنێ و کوشتن شێلگیرانە ستایش دەکرێ و مافی تاکیش لە شەرعیەتی گرووپێکدا بەرجەستە دەبێ کە بەرەو رووخان و لەناو خوێندا رێدەکات**

لەو کۆمەڵگانەی کە یاسا تیایاندا سەروەرە، کاروباری پۆلیس و پرۆسەی دادوەری بە بێ گرفت دەچنە پێشەوە. لە حاڵەتی کوشتندا، توێژینەوە دەکرێت و پۆلیس کە ملکەچی سیستەمی دادوەرییە بە پێی یاسا بەدواداچوون دەکات تا بە بەڵگەوە تاوانەکە بسەلمێنێ. یەکێ لە خاسیەتەکانی سەروەریی

ياسايي بريتيه له ڕەچاوكردنی شەفافيەت له پرۆسەی لێتوێژینەوەدا. بۆيه دوای سەلماندنی تاوانەكه و ڕاگەياندی فەرمانی دادگا، پۆلیس له وڵاته پێشكەوتووەكان له ڕاگەياندنێكی ڕۆژنامەگەريدا كورتەيەک له تاوانەكه و چۆنيەتی لێكۆڵينەوەكه بەرای گشتی دەگەيەنێ. له كۆمەڵگەی ئێمەدا توێژينەوه وەكو پێويست ناكرێت و بەڵگه و ڕاستييەكان بێمانا و بێسوود دەبن و ئەخلاقييەتی گشت فەرمان دەگێڕێت كه زۆربەی جار له سولحی عەشايريدا ڕەنگدەداتەوه. واته ڕێكخستنی كۆمەڵگه له لای ئێمه له ڕێگای ياساوه ئەنجام نادرێت، بەڵكو له ڕێگای خوونەريت يا ئەخلاقييەتێكی باوەوه كه زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵگه ڕێزی لێدەنێن و بەڕەوای دەزانن و له پێناوی پارێزگاريكردنيدا تاوان دەكەن و سزاش نادرێن. كاتێ دەسەڵات ملكەچی نەريت يا ئەخلاقيەتێكی گشتی بوو، ئەوه ياسا پووچ دەبێتەوه له واتا و نايەكسانی و نادادوەری دەبنه خاسيەتی دياری كۆمەڵگه و تاوان و گەندەڵيش گەشه دەكەن. لێرەدا شەفافيەت وەكو مەترسی دەبينرێت و ڕەچاوناكرێت. بۆيه كاتێ لێكۆڵينەوه دەكرێت له هەندێ تاوان، ڕای گشتی له پرۆسەی لێتوێژينەوه و چۆنيەتی ئەنجامدانی تاوانەكان ئاگادار ناكرێتەوه كه ئەمه له وڵاتانی پێشكەوتوودا وەكو ستراتيژييەتێک بەكاردەهێنرێت بۆ بنبڕكردنی تاوان. لەمانەش ترسانكتر ئەوەيه كه ئەم بارودۆخه به گشتی گيانی هاوسۆزی و هاوكاری له نێوان خەڵكدا دەكوژێ و ئەندامانی كۆمەڵگه دەكات به دژی يەكتری و ئامادەيان دەكات بۆ تەرخانكردنی وزه و كاتێكی زۆر بۆ ڕووخان و تێكشكانی يەكتر.

له كۆمەڵگەيەک كه سەروەريی و پيرۆز ڕاگرتنی ئەخلاقييەتی كۆمەڵايەتی ئامانجی سەرەكی بێت، ئەوه ئازادی واتای "بەڕەڵڵايی" دەگەيەنێ و كوشتن شێلگيرانه ستايش دەكرێ و مافی تاكيش له شەرعيەتی گروپێكدا بەرجەسته دەبێ كه بەرەو ڕووخان و لەناو خوێندا ڕێدەكات.

كۆتايی
حوزەيرانی 2007